# ڕێبوار ئەحمەد لە وەڵامی پرسیارێکدا بۆخوێنەرانی یەکسانی ئەدوێت

یەکسانی: ریبوار ئەحمەد لیدەری حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عیراق و کەسایەتیەکی ناسراوی بزوتنەوەی یەکسانیخوازی ژنان. بەپێویستمان زانی لەپەیوەند بە رۆڵی بزوتنەوەی یەکسانیخوازی ژنان لە ناکامکردنەوەی پرۆسەی هەڵبژاردنی داهاتوی عێراقدا، بۆ خوینەرانی یەکسانی بدوێیت و ڕوانگەی خۆتان بۆ خوێنەرانی یەکسانی و هەڵسوراوانی ئەم بزوتنەوەیە، رۆشن بکەنەوە؟!

ریبوار ئەحمەد/ بە بروای من لە ئیستادا هیچ پرۆسەیەکی هەلبژاردن لە عیراقدا بەریوە نیە، ئەوەی ناوی نراوە پرۆسەی هەلبژاردن لەوە کەمترە کەپێی بوترێ گالتەجاری. سیناریۆیەکی فریوکارانەیە بە مەبەستی داتاشینی شەرعیەت بۆ حکومەتیکی کۆنەپەرستانەی قەومی و دینی دەسکەلای ئەمریکا کە بریاریانداوە بەسەر کۆمەلگای عیراقدا فەرزی بکەن. جۆرەها مەرام و مەبەست و بەرژەوەندی کۆنەپەرستانەی ئەمریکاو هیزە قەومی و دینیەکانی هاودەستی لە پشتی ئەم پیلانەوە راوەستاوە، ئەم سیناریۆیە کۆمەلگای عیراق دەخاتە بەردەم مەترسی گەورەی تەقینەوەی شەروکیشە کۆنەپەرستانەکان و قولبونەوەو دریژەکیشانی سیناریۆیِ رەش.

تا ئەو جیگایەی کە بە رۆلی بزووتنەوەی یەکسانیخوازی ژنان دەگەریتەوە بۆ ریسواکردنی ئەم سیناریۆیەو ناکام کردنەوەی ئاکامەکانی، ئەوە پیویستیەکی حەیاتیە کە ئەم بزووتنەوەیەو ریکخراوەو شخصیاتەکانی دەوریکی بەرجەستەو کارگەر بگیرن. من پیم وایە ژنان یەکیك لە گەورەرین قوربانیەکانی ئەم سیناریۆیە دەبن. ژنان بە هەموو باریکدا زەرەرمەند دەبن. جگە لەوەی کە لە تەواوی ئەو کارەساتە سیاسی و کۆمەلایەتیانەی بەسەر کۆمەلگادا دەهینریت وەکو هەر هاولاتیەکی تر بەشدار دەبن، لە دەردو مەینەتدا ژنان بەشی گەورەی تایبەت بە خۆشیان بەردەکەویت. ئەگەر لایەنەکانی پشتی ئەم پرۆژەیە لەوەدا سەرکەوتن بەدەست بهینن کە رژیمیکی قەومی ئیسلامی و عەشایەری بەسەر کۆمەلگادا فەرز بکەن، ئەوە بە تایبەتی کۆمەلگا بۆ ژنان دەبیتە جەهەنمیکی واقعی، سەرەتایترین مافی ئینسانیان وردوخاش دەبیت، بە داب و نەریتی دارزیوی ئیسلامی و عەشایەری ژیانیان لە قالب دەدریت، کوشتارو سەنگەسارو حیجاب وئەشکەنجەو زیندانی ناو چواردیواری مال دەبیتە بەشیان. هەل‌ومەرجی ژیانی ژنان لە سایەی رژیمیکی وەهادا دەبیتە دزیوترین و کارەساتبارترین لایەنی کۆمەلگا.

هیچ کەس نابی بەم سیناریۆیە فریو بخوات، هیچ کەس نابیت لە ئاستیدا دەستەوەستان بیت. بەلام بە تایبەتی ژنان دەبێ ناکۆکی و دژایەتی لە رادەبەدەری ئاکامەکانی لەگەل ماف و ئاوات و ئارەزوە هەرە سەرەتاییەکانی خۆیان بە باشی ببینن. ئەگەر بۆ کریکارو لاوو زەحمەتکیش و خەلکی متمدن و ئازادیخواز پیویستە دژی ئەم سیناریۆیە بە توندی راوەستن و پەیگیرانە تیبکۆشن، ئەوە ئەم حوکمە بۆ ژنان چەندین بەرابەری راستە. هیچ یەك لەو پروپاگەندانەی کە بە ناوی دیموکراسی و کۆتایهینان بە داگیرکاری و گیرانەوەی ئیستقرارو "بەهیزکردنی رۆلی کورد لە دەولەتی مەرکەزی"، لەلایەن ئەمریکاو هیزە قەومی دینیەکانەوە تەخشان و پەخشان دەکریت، جگە لە پوچی و چەواشەکاریان، بایی سەلکە توریك بایەخی بۆ ژنان نیە. ئەوانەی بریارە بەم سیناریۆیە جیگای خۆیان لەسەر کورسی حوکمی عیراق و کوردستان قایم بکەن، بە ناسیونالیستی کوردو عەرەبیانەوە، بە ئیسلامی شیعەو سونەیانەوە، بە عەشایەرو دیموکراتی نەوەکامیانەوە، سەرجەم گرفتی گەورەیان لەگەل ئازادی ژنان و مافەکانیان هەیەو قوتبی دژە ژنەکانی کۆمەلگا پیکدەهینن.

بزووتنەوەی یەکسانیخوازی ژنان و رابەرانی دەبیتە زۆر چالاکانە بۆ ناکام کردنەوەی ئەم سیناریۆیە هەلسورین، ریکخراوی ئازادی ژن لە عیراق، هەروەها رابەران و هەلسوراوانی، وەکو رابەرو پیشەنگی رادیکال و پەیگیری ئەم بزووتنەوەیە، دەبێ بە دەوری پیشرەوانەی خۆیەوە دەربکەویت، لە ئاستی فراواندا ناوەرۆکی کۆنەپەرستانەی ئەم بە ناو هەلبژاردنە ریسوا بکات، بە تایبەت ئاکامەکانی لەسەر ژیانی ژنان

روون بکاتەوە، ئەم پەیامە بگەیەنی بە هەموو گەڕەك‌و ماڵ‌و کارگەو دائیرەو خوێندنگایەك، ڕیگا نەدات بە فریوکاری ژنان بەرنە پای ئەم گاڵتەجاریە. بزووتنەوەی یەکسانیخوازی ژنان پێویستە باڵیکی بەهێزی بزووتنەوەی ناکام کردنەوەی ئەم پیلانەو کردنەدەرەوەی ئەمریکاو دەسکۆتاکردنی هێزە قەومی‌و دینیەکان بێت، لە خەبات بۆ کۆتایهێنان بە سیناریۆی ڕەش‌و بەرپاکردنی ئازادی‌و سکولاریزم ڕۆڵی کاریگەری هەبێت.